# ئەمەریکاو ئەنجامەکانی شەڕی ئازادی



**خەسرۆ پیربال**

✿ پێش هەڵگیرسانی شەڕی سێیەمی کەنداو ( شەڕی ئازادی عێراق )، توێژێکی ئێجگار زۆری میللەتی کورد لەگەڵ ئەو شەڕە بوون، ئەمڕۆکەش وردە وردە هێرشی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاو وڵاتە هاوپەیمانەکانی هەر دێن و دژووارتر دەبن، قوربانی و خوێن ، هەروا دێن زیاترو جۆراوجۆرتر دەبن ، بەڵام لە ئامانجە سەرەکیەکەی ئەم جەنگە نزیک دەبێتەوە. .

ئەگەر بێت و میللەتانی عێراق ، بەڕاستی رزگاریان بێت و وڵات ئازاد بێت، ئەوە ئەو شەڕە گەلێک گۆڕانکاری بنەڕەتی دەخزێنێتە ناو هاوکێشەکان، لە ئاستی جۆراوجۆریشەوە، بەڵکو لەوەش زیاتر، ئەو شەڕە قەبرێکی گەورە هەڵدەکەنێ بۆ کولتوورێکی تووندو دژوارو کوشندەی دژ بە مرۆڤایەتی، رژێمی عێراقی جگە لەوەی گەورەترین زەبری لە میللەتی عێراق و گەلی کورد داوە، لە هەمان کاتدا دوژمنی ئاشتی و تەبایی نێوان فەرهەنگە جیاجیاکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووە بە درێژایی ٣٥ ساڵ .

بەڵام پێشەکی حەز دەکەم، نەختێک لەسەر رۆڵی ئەمەریکا، وەکوو وڵاتێکی زلهێزو کاریگەر باسبکەم، ئەو وڵاتەی کە رۆڵی گەورەی نەوەکوو پاش رووداوەکانی ١١ سێپتەمبەرەوە سەریهەڵداوە، بەڵکو زۆر پێش ئەو رووداوە، بوونێکی گرنگ و کاریگەری هەبووە لەسەر وەچەرخان و گۆڕانکاریەکانی جیهان. دیارە من هەرگیز باس لە سیاسەت و بنچینەکانی فەرهەنگی ئەمەریکی ناکەم لێرەدا، لەبەر ئەوەی پێموایە کە فەرهەنگی میللەتی کورد( بۆ نموونە ) زۆر لە فەرهەنگی ئەمەریکا دەوڵەمەندترە، بەڵکو گەلێکن ئەو فەرهەنگانەی دنیا کە لە ئێمەی رۆژهەڵاتی زیاترەوە نزیکن، لەوەی ئێمەی کورد لە فەرهەنگی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە نزیکین، بەڵام ئەوەی مەبەستمە لەو وتارەدا، لە ئاستی کاریگەری سیاسی و عەسکەریەوەیە لەسەر کێشەکاندا ..

لەگەڵ ئەوەش کە ئەزموونە تاڵەکانی بزاڤی رزگاریخوازی کورد ، بەتایبەتی ساڵی ١٩٧٤ و ١٩٩١، ئەو دوو ساتانەی کە زۆر بە ئاسانی ئەمەریکا پشتی لە شۆڕش و سەرهەڵدانەکەی کورد کردووە، بەڵام ئەوەی ئەمرۆکە لە ئارادایە، بە بۆچوونی من تەواو جیاوازە و دڵنیام بە قازانجی سەرجەم میللەتانی عێراق و بەتایبەتی میللەتی کوردەوە تەواو دەبێت.

دیارە رۆڵی ئەمەریکا بە درێژایی مێژووی خۆی ، زۆر گرنگ و دیاربووە، بۆ نموونە :

– لە جەنگی جیهانی یەکەم : بەشداریکردنی ئەمەریکا لەو شەڕەدا بووە هۆی تێکشکانی ئەلمانیا ، ئەوەش بووە هۆی ئەوەی ئەوروپا لە کارەساتێکی گەورە قورتار بێت .

– لە جەنگی جیهانی دووەم : ئەگەر بێت و ئەمەریکاو ئینگلیزەکان بە شێوەیەکی راستەوخۆ هاوکاری فەرەنسایان نەکردبا ، دیسانەوە سەرجەم ئەوروپا تووشی داگیرکرنی رژێمی دیکتاتۆری هیتلەر دەبوون، ئەو شەڕە قوورسەبوو کە بەناوی: (شەڕی نورماندی) ناوزەند کرا، لەم شەڕەدا بە یەکجاری سەرجەم ئەوروپا لە هیتلەر و مەترسی کولتووری هیتلەر قورتارکران، ئەمڕۆکەش هەمان سیناریۆ لە عێراقدا دووبارە دەبێتەوە، هەموو شێوەو پرۆفایلی و کێشەی میللەتی کورد و میللەتانی تری عێراق، لەو بارۆدوخە دەچێت کە لە ئەوروپادا هەبوون ساڵی ١٩٤٤ بەهۆی هێزو سیاسەتە رەگەزپەرستیەکەی هیتلەرو دامودەزگاکەی .

– شەڕی سارد لە ئەوروپا : ئەمەریکا ئەو هێزەبوو کە بە درێژایی ساڵانێکی درێژ، لەتەک وڵاتانی تری ئەوروپای رۆژئاوایی وەکو فەرەنساو ئینگلزستان و ئەڵمانیا ، بەرامبەر مەترسی سیستەمی شمولی یەکێتی سۆڤیەتدا وەستابوون، بەرگریان دەکرد و هۆیەکی سەرەکی بوون لە تێکشکان و رووخانی یەکێتی سۆڤێت، هەر لەو کاتەشەوە کە بەرەکانی شەڕی سارد گۆڕان ، ئەمڕۆکە ئەمەریکا دەورێکی زۆر گرنگی هەیە، بۆ بنیاتنانەوەی رووسیاو هەموو ئەوروپای رۆژهەڵات.

– شەڕی یۆگسلاڤیا ( دەستێوەردانی ئەتلەنتی ) : لەو وڵاتەی کە دیسانەوە مافەکانی مرۆڤ پێشێل دەکران لە لایەن رژێمی مێلۆڤیچ و میللەتی کۆسۆڤۆ قڕ دەکران وەکو میللەتی کورد، رۆڵی ئەمەریکاو وڵاتانی ئەوروپای رۆژئاوابوو دیسانەوە هێرش بکەنە سەر بەلگرادو بەیەکجاری رەگووریشەی ئەو رژێمەیان دەرهێناو سەرکردایەتیان ناردە بەندیخانەکان، کردیانە نموونەیەک بۆ وڵاتانی ترو دیکتاتۆرەکان، ئەو کاتەش بوو کە حکومەتی عێراق زۆر بەتووندنی دژی ئەو شەڕە وەستابوو ، داکۆکی لە مێلوڤیچ دەکرد. پاش ئازادکردنی یۆگسلاڤیا ، ئەمەریکا دەورێکی گرنگی هەبوو لە بنیاتنانەوەی وڵاتەکەیان و ئێستاش بە پرۆگرام و یارمەتی جۆراوجۆر بەردەوامە.

– دیارە من باس لە شەڕی کەنداوی دووەم ناکەم، پاش داگیرکردنی کوێت لەلایەن سووپای عێراقی، چۆن بە هاوکاری و ئامادەگی سوپایی ئەمەریکا ، بە چەند سەعاتێک هەموو کوێت ئازادکرا، بەشێکی زۆری باشووری عێراقیش داگیرکرا (ئازادکرد)، پاشان یەکلایانە هێزەکانیان کێشایەوە ..!!

ئەزموونی تاڵی تری میللەتی کورد لە باشووری وڵات و میللەتانی تری عێراق، ئەزموونی خیانەتە گەورەکەی ئەمەریکا بوو ، پاش سەرهەڵدانەکەی ساڵی ١٩٩١ ، هەمووماین بینیمان، چۆن پشتی لە داخوازیەکانی میللەتی کوردو عەرەب کردو بە ئاسانی سوپای خۆی کێشایەوە و عێراقیان بەجێهێشت، کارتی سەوزی بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ نیشان حکومەتی دڕندەی بەغدا دا، بۆ ئەوەی بەتەنیا و بە دەستێکی درێژی ئاسنینەوە، هەموو هێزو لایەنە سیاسی و جەماوەریەکانی راپەڕیبوو لەناوببات، دیسانەوە کارەساتێکی گەورەی تووشی میللەتی کورد کرد ، وە لە خوارووی عێراقیش، ئەوەی لەدەستی هات کردی.

دیارە لێرەدا، هەرگیز داکۆکی لە فەرهەنگ و سیاسەتی ئەمەریکی ناکەم، بەڵام بە شێوەیەکی بابەتییانە بیردەکەمەوە ، ئەوەی دەبینم، ئەوەیە کە بۆ یەکەمین جارە لە مێژووی رزگاریخوازی کورد، بەرژەوەندیەکانی وڵاتێکی گەورەی وەکو ئەمەریکا ، لەگەڵ بەرژەوەندیە کۆن و خەونە دێرینەکانی میللەتی کورد یەکدەگرنەوە، ئەمڕۆکە شەڕە لە ناوچەکە، ئێمە وەکو کوردو ئەمەریکا و میللەتانی تری عێراق، یەک ئامانجمان هەیە، ئەویش ئەو شەڕەیە کە بە یەکجاری لە تاریکی و لە یەکێک لە رژێمە هەرە دڕندەکانی دنیامان قورتار دەکات، هەروەها لەگەڵ ئەو رژێمەش فەرهەنگێکی تووندڕەو نەفرەتلێکراو، بۆ هەتا هەتا دووردەکەوێتەوە و لەناو دەچێت.

پاش ئەو شەڕەو پاش ئازادکردنی عێراق، هەندێک رەنگدانەوەو گۆڕانکاری بنچینەیی روودەدەن شوێنەواری بۆ چەندین نەوەی تر دەمێنێتەوە بۆ نموونە :

لە عێراقدا، ئەوەی پەیوەندی بە میللەتی کوردەوە هەبێت، ئەزموونی دیموکراسی و حکومڕانی کورد بە شێوەیەکی فەرمی و دەستووری جێگیر دەبێت، بەڵکو دەبێتە نموونەیەک بۆ حکومەتی داهاتووی عێراق ، دەکرێت هەر وڵاتێک بەو شێوەیەی لەگەڵ تایبەتمەندیەکانی خۆیان دەگونجێن، چارەسەری کێشەی فەرهەنگی و سیاسی و کۆمەڵایەتی میللەتی کورد بکەن، سوودو پەند لە رژێمی عێراق و چارەنووس و ئەو شەڕو دەردەسەرسە وەربگرن.

دیارە یەکێک لە ئەنجامەکانی تری ئەو شەڕە، دروستبوونی حکومەتێکی نوێیە لە عێراق و ئاوەدانکردنەوەی وڵاتە و پەرەسەندنی بازاڕەکانی جۆراوجۆرە لە ناوچەکە، دیارە جگە لە نەوت، عێراق و کوردستانی باشوور، ناوچەیەکی زۆر دەوڵەمەندی جیهانن، ئەو ناوچەیە، دەبێتە وڵاتێکی وەکو ( تایوان و هۆنگ کۆنگ) لە پێشکەوتنی ئابووری و کومەڵایەتی. ئەمەش زۆر بە باشی رەنگدەداتەوە لەسەر ئاستی ژیان و گوزەرانی مرۆڤ لەو ناوچەیەدا .

ئەنجامێکی تری ئەو شەڕە، لەناوچوونی فەرهەنگێکی رەگەزپەرستی نەتەوەیی- قەومی- عەرەبیە، ئەو فەرهەنگە تاڵ و تووندڕەوەبوو، کە بە شێوەیەکی چڕو کوشندانە خرابوونە نێو هەموو لایەنێک و هەموو بوارێکی ژیان: خرابووە نێو کتێب و نووسراو و راگەیاندن و گۆرانی و مۆسیقا و بەرنامەکانی خوێندن و هەتا ژیانی تایبەتی خەڵکان، ئەو فەرهەنگە رەشەیە کە بۆ هەتا هەتا بەرەو پاش دەگەڕێتەوە و ئیتر بەتایبەتی بۆ میللەتی کورد بوونی نامێنێت.

دیارە گەلێکن ئەوانەی وای بۆ دەچن کە ئەو شەڕە دەبێتە هۆی پەرەسەندنی تیرۆریستان، توێژو بزوتنەوە تووندڕەوە ئیسلامیەکان، بەڵام من تەواو بە پێچەوانەی دەبینم. ، دیاردەی بزووتنەوەی تیرۆریستی، هەتا ئاستێکی نزم هەمیشە هەر هەبووە و هەر دەشمێنێت ، بەڵام پاش ئەو شەڕە بزووتنەوەی ئیسلامی تووندڕەو بەرەو لاوازی دەڕوات.

هەر لە دەسپێکردنی شەڕ و هێرشی ئەمەریکا بۆ سەر عێراق، سەرکردایەتی کورد لە باشووری وڵات، زۆر هوشیارانە لەگەڵ ئەو رووداوە مامەڵەیان کردووە، لەگەڵ هەموو مەسەلەکاندا زۆر بە ووردی ونەرمیەوە مامەڵەیان کردووە، ئەمڕۆکە ئەوەی چەندین ساڵە ئاواتێک بووە و خەباتیان بۆ دەکرد و شەهیدیان بۆ دەدا، ئەمڕۆکە بە هاوکاری ئەمەریکا دێتە دی و دەبێتە هەقیقەتێک و لاپەڕەیەکی رەش هەڵدەدرێتەوەو رۆژێکی نوێ لە سەرانسەری کوردستاندا هەڵدێ. ■

Pirbal@hotmail.com